# زۆری نمایه بکوژرێی !!

**کەمال ڕەئوف**

ئەو ناونیشانە چەوت وڕەق و قێزەونەی سەرەوە ناونیشانی نامەیەکی تەوێڵ ڕەشی گروپێکی کردەوەڕەش و کۆنە پەرستە کە بەم دواییانە لەکوردستان ئاراستەی ژنێکی نووسەر کراوە، ئەو نامەیە کە پڕیەتی لەبوغزی کۆنە پەرستی و چاوسورکردنەوەو ترساندن لەڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ ئەڤین فەتاح کە نووسەرێکی بوێرو ڕۆژنامە نووسێکی پێشکەوتوخوازە نێردراوە ، ئەوکە تاکوئێستا چەندین بابەتی لەسەر بیروباوەڕی کۆن و خورافەی ئاینی ئیسلام نووسیووە وبلاًوی کردۆتەوە , لەم دواییانەدا دەستێکی چەپەڵ وخوێناوی وناحەز بەئازادی ڕادەربڕین نامەیەکی لەوجۆرەی ئاراستەدەکەن وتێیدا ئاماژەبۆ ئەوەدەکەن کە بەرنامەیان داناوە ئەگەر تۆبە نەکات و پەشیمان نەبێتەوە لەسەردەستی ئەوان و پەشیمان بوونەوەکەشی لەهەمان ڕۆژنامەدا بلاًو نەکاتەوە ئەوا سەری بڕن و دەی کوژن، چونکە بەقەولی ئەوان ئەو کافرەو لەنووسینەکانیدا کفری کردووەو سنورە ڕوو ڕزیوو ڕەنگ زەردەکانی ئاینی شکاندووە .

لەم دواییانە هاوشێوەی ئەو هەڕەشە نامەیە بۆچەندین کەسی تریش چووەوگروپە توندڕەوەکان دەیانەوێت بەو شێوازە بەر بەڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بگرن، دیارە گروپەتووندڕەوە ئیسلامیەکانی کوردیش لەئێستادا ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق گرتینێکی بەبەردا هێناونەتەوەو دەیانەوێت کوردستانیش بئالێننە ناو ئەو ڕووداوانەوە و بوونی خۆیان لەسەرکوتی کردن و تیرۆرکردنی نووسەرانی ئازادیخواز بسەلمێنن، هەربۆیە بەفرسەتی دەزانن لەئاواحالێکدا بەشێوازی چاوسورکردنەوەو تۆقاندن هەوڵی ئەوەبدەن کە لەمپەر لەبەر دەم ئەو بزووتنەوەیەدا دابنێن کەهەر ئێستا سەرەتاکانی بەدەرکەوتووەو لەهەوڵی ئەوەدایە کەکۆمەڵگە بەرەو ڕێبانی مەدەنی بوون و کرانەوە بەرێ.

شیاوی وەبەبیر هێنانەوەیە ڕێکخراوە پیشەییەکانی حیزبەکانی دەسەلاًتیش جگەلەوەی کەدەبێت لەسەر ئەو دیاردەیە بێنە زوبان وهەڵوێست نیشان بدەن لە هەمانکاتیشدا دەبێت کاربەدەستانی کوردستانیش لەوەئاگاداربکەنەوە کە دەبێت خۆیان بە بەرپرس بزانن لەوەی کەگیانی خەڵکی سەربەخۆو بێلایەن بپارێزن لەهەردەست درێژیەك کە ئەو گروپ و تاقمە توندڕەوانە دەیکەنە سەریان بەتاییەتی ئەو ڕۆشنبیرو نووسەرانەی کە بێلایەنن وحیزبی نین .